
# ڕۆژنامەی (کوردستان)ی سەردەمی کۆمار

# لە مەهاباد ساڵی 1946 بەرانبەر ساڵی 1324 -1325 ی هەتاوی

سەردار فەتاح ئەمین
هۆڵەندە




**نوێترین پرۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای ئاراس، بەرهەمێکی بە نرخ و نایاب و دانسقەی ئەم وەرزەی مامۆستایان (ڕەفیق ساڵح ئەحمەد و سەدیق ساڵح ئەحمەد)ە، سەرجەم ژمارەکانی (ڕۆژنامەی هەفتانەی کوردستان)ی سەردەمی کوماری کوردستان، کە لە مەهاباد دەرچووە ساڵی 1324 –1325 ی هەتاوی بەرانبەر ساڵی1946 بڵاوبۆتەوە، تێکڕای ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە 113 دانەی لێدەرچووە، بەڵام لەم بەرگەدا تەنها 82 ژمارە دەست کەوتووە، ڕاگەیەندراو و زماحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە، لەسەردەمی حکومڕانی دیموکرات خۆیاندا لە مەهاباد توانیویانە بە بەردەوامی و بە ڕێک و پێکی هەفتانە ئەم ڕۆژنامەیە بڵاو بکەنەوە، هەروەها 5 ژمارەی گۆڤاری هاواری کوردستان و بەیاننامەی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو بکەنەوە.**

**لە لایەن ئامادەکارانی ئەم پرۆژە گەورەیەوە، پێشەکیەکی بە پێز لەگەڵ ژیاننامەی نوسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان**

ئاماده كراوه و لەگەڵیدا ئندێكسی نوسەران و بابەتەكان جیاكراوەتەوه.
لەیەكەم ژمارەی ساڵی یەكەمی ڕۆژنامەی (كوردستان)دا، كە ڕۆژی 11 ژانویە(جەنیوەری) 1946 ی زاینی بەرانبەر ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 20-10-1324 ی هەتاوی دەرچووه، ئەم زانیاریانە تێدایه: لەسەرەوەی ڕۆژنامەكە لای ڕاست نوسراوه (لە لایەن هەیئەتی تەحریریە دەردەچێ)، لە ناوەڕاست سەرووی مانشێتی ڕۆژنامەكە نوسراوه (بە نێوی خودای بەرز و بێ هاوتا)، خوارەوەی نوسراوه (بڵاوكەرەوەی بیری حیزبی دیموكراتی كوردستان)، ئابونەمان بۆ یەكساڵە 300 ڕیاڵ، بۆ شەش مانگە 160 ڕیاڵ، دانەی 1 ڕیاڵ.
لە لاپەڕەی یەكەمی ژمارە یەكی ڕۆژنامەی كوردستان 3 بابەت بڵاوكراوەتەوه، یەكەمیان ئامانجی ئێمە – لە لایەن سەید محەمەد حەمیدی نوسراوه ، دووەم: ژنەراڵ ئەلیسمۆس ستالین(بە بۆنەی شەست و شەشەمین ساڵی بە دایک بوونی)، سێهەم: گفتوگۆی جەنابی قازی محەمەد.
لە ئامانجی ڕۆژنامەی كوردستان دا هاتووه دەڵێ: لەم كاتەدا كە خاكی كوردستان، لە هەموو وەخت زیاتر پێویستی بە فیداكاری كوڕەكانێتی. لەو ئانەدا كە هەموو نەتەوەكانی گێتی بۆ ڕاگرتن، بۆ وەدەسهێنانی سەربەستی و ئازادی خۆیان وە بۆ وەدەس خستنی وەسائیلی پێشكەوتنی هاونیشتمانەكانیان دە تەقەلادان.



نوسەری سەروتاری ڕۆژنامەكە، كە ڕێباز و خەتی ڕۆژنامەكە دیاری دەكات، بەردەوام دەبێت و بە هیوایەكی گەشەوه دەڕوانێت، چون چاوەڕوانی ئەوه نەبوون ئەم ڕۆژە ببینن، ئەوەتا دەڵێ: ئێمە بە دڵماندا نەدەهات، خاوەنی چاپخانە و ئینتیشارات بین، ئەوا بە یارمەتی خودا نامە (دیارە مەبەستی ڕۆژنامەی كوردستانە) دانرا، هەوڵ ژمارەی بڵاوكرایەوه، ئەم نامەیە لە لایەن حیزبی دیموكراتی كوردستانەوە بڵاو دەبێتەوه، دەیەوێ قەڵایەكی ئاسنین لە ئیتیحاد و برایەتی بێنینە بەرهەم، كە بناغەكەی بە زانست و هونەر و لەشساغی داندرابێ، بتوانێ لەگەڵ سێڵاوی دوبەرەكی و بیدینی و هەموو جۆرە ڕوشتێک، كە بۆ سەربەستی زەرەر بێت، بەربەرەكانێ بكا. هیوامان وایە ئەم قەڵایەی، كە خەریكین قایمی بكەین، وەها قایم و بەهێز بێت، كە هیچ هێزێک نەتوانێ، بەربەرەكانی لەگەڵ بكا.
ماوەتەوە دەستخۆشی لە هەردوو برای لە خۆبوردوو ماندونەناس مامۆستایان (ڕەفیق ساڵح ئەحمەد و سەدیق ساڵح ئەحمەد) بكەین، داوای تەمەندریژی و لەشساخیان بۆ بكەین. تا بتوانن كاری وا جوان و دانسقەی دیكە ڕابپەڕێنن.



بۆ ئەم مەبەستە بەئیمەیڵ و تەلەفۆن پەیوەندیمان بە هەردوو بەڕێز، مامۆستایان (ڕەفیق ساڵح ئەحمەد و سەدیق ساڵح ئەحمەد) کرد بەم شێوەیە بۆمان دووان:

ڕوویەکی گەشی مێژووی دەورانی حکوومەتی میللیی کوردستان لە مەهاباد، 1324–1325 (1946) ڕۆژنامەگەرییە. ماوەی ئەوکەمترە لە ساڵەی تەمەنی حکوومەتەکە، ژمارەیەکی دیاری گۆڤارو ڕۆژنامە چاپ بڵاو کراوەتەوە. بەرهەمێکی ڕۆژنامەگەریی هەرە بەرچاوی ئەو ڕۆژگارە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئۆرگانی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حکوومەتەکەیەتی.

پ: شێواز و ڕوخسار و تەکنیکی ڕۆژنامەی کوردستان چۆن بووە...؟!

وەڵام: سەدیق ساڵح: "کوردستان" تا ژمارە (64) بە قەوارەی تابلۆید و ئەوە بەدوا تا ژمارە (92) کە لەبەر دەستدایە، بە قەوارەی گەورەی ڕۆژنامە و بەگشتی بە چوار لاپەڕە، ژمارە (24) نەبێ کە هەشت لاپەڕەیە، دەرچووە و لە (چاپخانەی کوردستان) کە مەلا قادری مودەڕریسی بەڕێوەبەری بووە، لەچاپ دراوە. دوا ژمارە نەزانراوە چەندە، بە 112 یا 113 یان 114 دانراوە.

پ: نووسەران و بەرپرسی یەکەمی ڕۆژنامەکە کێ بوون ...؟!

وەڵام سەدیق ساڵح: سەیید محەممەدی حەمیدی مودیری مەسئوول سەردەبیری پڕ بەرهەمترین چالاکترین نووسەری بووە. لە هەیئەتی نووسەرانیش، هەر هاشمی خەلیل زادە ناسراوەتەوە. ژمارەیەکی زۆر نووسەر و ئەدیب (زیاتر لە 118) بەرهەمی خۆیی تێدا بڵاو کردوەتەوە، دیارترینیان ئەمانەن: هێمن، هەژار، محەممەد قودسی، حەسەن قزڵجی، ئیبراهیم نادری، محەممەد مەجدی، دڵشاد ڕەسووڵی، محەممەد تۆفیق وردی، هاشم خەلیل زادە، عەبدوڕەحمان زەبیحی، عەلی خوسرەوی، عەبدولقادری سەیید ئەحمەد، ئەحمەد ئیلاهی، مەلا قادری مودەڕریسی، قانع، ئەنوەر دڵسۆز ....

پ: دەتوانن سنووری ئەو ناوچانەمان بۆ دەستنیشان بکەن کە ئەم ڕۆژنامەیەی تێدابڵاوبۆتەوە....؟!

وەڵام ڕەفیق ساڵح: "کوردستان" لە موکریان ناوچەی کوردنشینی ئازەربایجانی ڕۆژاوا بڵاو بووەتەوە؛ لێی گەیشتوەتە کرماشان دیوی کوردستانی گەرمێن (عێراق)یش.

پ: سەبارەت بە ڕۆژنامەی کوردستان دەمانەوێ تیشک بخەنە سەر هەوڵ و ماندوبوونی ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی شەونخونیان کێشاوە بۆ ساخکردنەوەیی و کاریان بۆە کردووە....؟؟!

وەڵام: جێی باسە، هێندێ ڕۆشنبیری کورد لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابوردووەوە لە دەرەوەی کوردستان کەوتنە پەیجۆری دۆزینەوەی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە، لەوانە: دکتۆر ئەمیری حەسەنپوور، حەسەنی قازی، نەوشیروان مستەفا ئەمین، عەلی کەریمی، مەحمووی مەلا عیززەت. هەوڵەکانیان بەوە گەیشت کە (65) ژمارەی کۆپیکراویان لێ پەیدا کرد، کە بەشێکیان ماندوون کەڵکی دووبارە چاپکردنەوەیان نییە.

پ: ئەی بەڕێزتان چۆن توانیتان بەردەوامی بەم پڕۆژەیەتان بدەن و بیگەیەننە ئەنجام....؟

وەڵام... ڕەفیق ساڵح:

لە 2004 بەڕێزان کاک عەلی کەریمی و سدیق ساڵح و بەندە پێک هاتین لەسەر لەچاپدانەوەی ئەو کۆپیکراوانە، بەڵام لەبەر ئەوەی ماندوو بوون، کەڵکی سەرلەنوێ چاپکردنەوەیان نەبوو، پڕۆژەکە جێبەجێ نەکرا. لە کوردستانیش، بەرپرسانی ئێستای (بنکەی ژین) لە ڕاپەڕینی 1991 بەدواوە لە سۆراخیدا بوون بیستبوویان لەلای ڕەحمەتی ڕەشید باجەڵان پارێزراوە. دوای دامەزرانی (بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی ڕۆژنامەوانیی کوردی) لە سلێمانی، هەوڵێکی زۆر درا بە هاوکاریی چەند ڕۆشنبیرێکی کوردی دانیشتووی بەغدا، توانرا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بنەماڵەی ڕەحمەتی ڕازی بکرێ، کە وەربگیرێن ئیشیان لەسەر بکرێ بۆ بڵاوکردنەوە. ئەوانە سەرجەم (79) ژمارە بوون، لەگەڵ (3) ژمارەی لای کاک عەلی کەریمی دا یەک خران و سکان کران و خاوێن کرانەوە. سدیق ساڵح لێی کۆڵیوەتەوە، ژیاننامەی بەشێکی نووسەرەکانیی ساغ کردوەتەوە و پێڕستی بۆ ساز کردووە. (5) ژمارەی ڕۆژنامەی "هاواری نیشتمان" کە هەر لای بنەماڵەی ڕەشید باجەڵان پەیدا کرا، خرایە تەک "کوردستان" کرایە یەکەم پاشکۆی ئەم بەرهەمە. (بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان)یش بە هەردوو دانەی دەستخەت و لەچاپدراوەوە کرایە دووەم پاشکۆ. هەردوو پاشکۆکەیش ساغ کرانەوەو لەسەریان نووسرا. ئەم بەرهەمە تێکڕا (428) لاپەڕەی پێوانە (A3)ی لێ دەرچووە.

بۆ ئەوەی ئەم بەرهەمە بە باشترین شێوە لەچاپ بدرێ، وەک دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی ئاراس پێشتر دەست پێشخەریی کردبوو، کرایە پڕۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین دەزگای ئاراس لە چاپخانەی دەزگای ئاراس لەچاپ دراو بڵاو کرایەوە. هەردوو دەزگایش پێک هاتن لەمەودوا گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیە کۆنەکان بە پڕۆژەی هاوبەش چاپ بڵاو بکەنەوە.

پ: پڕۆژەکانی ئایندەتان چین...؟

وەڵام ڕەفیق ساڵح: بنکەی ژین بەدەستیەوەیە ئەمساڵ لە مەیدانی زیندووکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردیی کۆندا ئەم بەرهەمانە بڵاو بکاتەوە:

1- ڕۆژنامەی "تێگەیشتنی ڕاستی"، 1918-1919

2- بەشی دووەمی چوارەم بەرگی ڕۆژنامەی "ژیان"، (ژمارە 407-553)

3- ڕزگاری و بڵاوکراوەی تری نهێنیی پارتی دیموکراتی کورد- کوردستان لە 1946-1958

4- گۆڤاری "نیشتمان"، ژمارە (1-9)

5- گۆڤاری "بانگی کورد"، 1914

6- گۆڤاری "هەتاوی کورد"، 1914

7- دوا بەشی سەربەخۆی گۆڤاری "دەنگی گێتی تازە"، 1946